گفتوگۆ لەگەڵ (محەمەدشوکری)

# دەربارەی نانی ڕووت و شتی تریش

سازدانی: زوبێر بن بوشتی و یەحیا بن وەلید



لە عەرەبییەوە: شوان ئەحمەد



**ئێمە دەزانین فەزای ڕۆماننوس و چیرۆکنوس، بەرفراوانتر و بەبڕشتترە لە فەزای شاعیر. فەزای شاعیر سنورداره. سەرەتای پەیوەندیم لەگەڵ نوسیندا، بەشیعر دەستم پێکرد. کاروانی ئەدەبیم وەك شاعیرێکی فاشیل دەست پێکرد**

***دەتوانیت بەچاوی ئەو منداڵەی جاران، وێنەی تەنجە بێنیتەوە بەرچاوی خۆت، تەنجەیەك کە بۆیەکەمجار بینیت؟**

-بەڕونی هەمووشتەکانم بیرناکەوێتەوە، هەندێ شتم بیرنەماوە. لەبەر برسیەتی، کۆچ و ڕەوێك لە لادێوە دەستی پێکردبوو. هەندێکیم بیرماوە نەك هەمووی. بیرم نییە چەند بەپێ ڕۆیشتین، تا بگەینە تەنجە (کەوئەوکات بەهەشت بوو بۆ ئێمە!). بەڵام بیرمە لە ڕیگەدا، خەڵکی هەندێ جار نەخۆش دەکەوتن و هەندێ جاریش دەمردن. دەمبینین کە لە پەلوپۆدەکەوتن و دەیانناشتن. برسێتی و ماندویەتی، تەواو کوشندەبوون. سەروەختێك گەیشتینە تەنجە، ئەو بەهەشتە چاوەڕوانکراوەمان نەبینی، بەڵام دۆزەخیش نەبوو.

بۆ بەدبەختی ئێمە، باوکم وەك سەربازێك لەڕیزی سوپاکەی فرانکۆ هەڵلاتبوو، دەسگیریان کرد و دووساڵ لەنێوان تەنجە و ئەسیلەدا زیندانیانکرد.

دایکم ناچاربوو لە بازاڕەکانی شاردا، سەوزە و میوەفرۆشی بکات. منیش سەرم بەتەنەکە خۆڵی ماڵە مەسیحیە خوا پێداوەکاندا دەکرد، چونکە تەنەکە خۆڵی ماڵە موسڵمانەکان هیچی تێدانەبوو.

***دەمانەوێت باسی پەیوەندی خۆتمان بەشارەوە بۆبکەیت و پێمان بڵێیت، منداڵیت لەشاردا چۆن بوو؟**

-لەڕاستیدا پەیوەندی نەبوو، هێندەی شۆکێك بوو. پەیوەندی هەوڵی بۆدەدەیت، ئەوەی من شۆکێک بوو لەنێوان شێوازی ژیانی لادێ و شاردا. من لە ئاواییەکەی خۆمان هاتمە دەرێ و بەخواستی خۆم نا بەناچاری، ڕومکردە تەنجە. وەک خەڵکانی دیکە، ناچاری پەلکێشی شاری کردم.

***بۆچی تەنجە شۆکێك بوو؟**

-لەبەرئەوەی دڵنیانەبووم تێیدا، لەدۆخێکی مۆلەق و کوت و پڕدا دەژیام. لەتەمەنی شەش ساڵاندا، خۆم لەسەر شەقامەکان بینیەوە. شار بۆ کەسێکی لادێی، شۆکێکی ژیارییە. وەکو هەموو گوندنشینەکان، باق و بریقی شار ئەوقی کردم. تەنجە هەر بەشارە دڵخوازەکەی من دەمێنێتەوە، ئەگەرچی شارانێکی دیکە هەن لەو جوانترن.

***تا ئێستا هەر باس لە سەرسامی سەرەتاکانی خۆت دەکەیت بەرامبەر تەنجە وەك شارێکی کۆسمۆپۆلێتی، لەو چوارچێوەیەدا دەتوانیت باسی ئەو فەزا مرۆییەمان بۆبکەیت کە لەو سەردەمەدا و لەشاری تەنجەدا لە ئارەدابوو؟**

دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە دەریدەکات



-هەموان دەزانن ئەوەی باڵادەست بوو لەوێدا، هەژمونێکی کۆلۆنیالی گەردونی بوو. بەوپێیەی تەنجە بە مانا تەقلیدیەکەی لەلایەن تاکەیەك دەوڵەتەوە کۆلۆنیالیزە نەکرابوو، بەڵکو کۆلۆنیالیزەیەکی نێودەوڵەتی بوو.دەسەڵاتێکی نێودەوڵەتی شارەکەی بەڕێوەدەبرد.

ئەڵبەتە مەغریبیەکان لەهەموو دەسکەوت و پلەوپایەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی بێبەشبوون، جگە لەو خەڵکە بەژمارە کەمەنەبێت کە دەستیان لەگەڵ کۆلۆنیالیزمدا تێکەڵ کردبوو، لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندیە تایبەتیەکانی خۆیاندا.

لەو قۆناغە کۆسمۆپۆلێتیەیدا بەندەری تەنجە، شادەماری بریتی بوو لەکەشتیە جەنگی و کەشتیە بازرگانیەکان. بەڵام ئێستا ئەو بەندەرە وانەماوە. ئەو شارانەی بەندەریان هەیە، مامەڵەکردن لەگەڵیاندا زەحمەتە.

***ئاخۆتەنجە وابوو؟**

-وەك ئەو شارانەی دیکە مەترسیداربوو کە بەندەریان تێدایەو پلانگێڕی و غافڵکوژی و گۆبەندیان تێدا ڕوودەدات. لەبەرئەوە لەو سەردەمە کۆسمۆپۆلێتیەیدا، وەك شارێکی مافیایی و یەکلاکردنەوەی کێشەکان سەیردەکرا، تائەو ڕادەیەی بەفەرەنسی ناوی Danysr- Tanysr- یان لێنابوو.

تەنجە لەو قۆناغەدا بوو بووە پەناگەیەك، بۆ کەسانی قاچاخ چی و تاوانباران و ئەوانەی کڕین و فرۆشی نایاساییان دەکرد و لە وڵاتانی خۆیان داواکرابوون. ئەوانە لەساوپەنای سستمە فرە ڕەگەزەکەیدا حەسابوونەوە.

بۆیە قسەکردن دەربارەی فەزای مرۆییانە لەتەنجە- لەو سەردەم و زەمانەدا-، قسەی زۆر هەڵدەگرێت.

سەرباری مێژووە ئەفسوناوییەکەی، بۆمن تەنجە هەروەك شارێکی ئاڵۆز و تەلیسماوی دەمێنێتەوە. ئەمەش وەك جنێو و سوکایەتی پێکردن نا، بەڵکو مێژووەکەی وایە و ئەوە خەسڵەتی ئەو شارەیە.

***تەنجە وەك شارێك بۆ کاری دیبلۆماتی و سیخوڕی کردن و قاچاخ چێتی و تیرۆرکردن، نێوبانگی دەرکرد و ئەوەش پەیوەندیەکی تۆکمەی بەوەوە هەبووە کە شارەکە بەندەری تێدابووە. سروشتی پەیوەندی تۆ بەو بەندەرەوە چۆن بوو؟**

-پەیوەندی من بە بەندەری شاری تەنجەوە، پەیوەندی کاربوو، کارێك



بۆخاتری پەیداکردنی نانی ڕۆژانە. شت و مەکی هەمە چەشنەم دەفرۆشت، بە بیانیە مەدەنی و سەربازییەکان.

***جۆری ئەو شت و مەکانە چی بوون کەتۆ کڕین و فرۆشت پێوەدەکرد؟**

-هەندێ جار ئیشی دەستی تەقلیدی و هەندێ جاریش (الکیف)م بە سەربازە ئەمریکیەکان دەفرۆشت.

*هەروەها تۆ ئەو کەسانەشت دەگەیاندە جندەخانەکانی (سوق الداخل) کە لە بەندەرەوە دەهاتن؟

-بەڵێ سەربازانی ئەمریکایم دەبرد بۆ ماڵی لەشفرۆشانی ئەوروپایی، نەک بۆ ماڵی لەشفرۆشانی مەغریبی. ئەو جندەخانانە لەژێرچاودێری تەندروستی دابوون. جندەخانەی خاتوو (سیمۆن) لە هەموویان بەناوبانگتربوو.

***پێگەی (سوق الداخل) لەژیان و نوسینەکانتدا چییە؟**

-بریتیە لە فەزایەکی نێودەوڵەتی و لەهەموو جۆرە ڕەگەزێکی تێدابوو. تەنجە لەکۆندا بەو بازارە ناسرابوو. ئەوە دڵی شاربوو. وەك دەزانرێت تەنجە جاران حەوت دەرگای هەبوو، ئەو دەرگایانەش ئێواران دادەخران. لەدەیەی یەکەمی سەدەی بیستەمدانەبێت، لەدەرەوەی تەنجەی کۆندا ئاوەدانی نەبوو.

***لێرەبەدوا بابێنە سەرباسی ناوەندی ڕۆشنبیری لەتەنجەدا. چۆن ئەو ناوەندەت دۆزیەوە؟**

-ئێمە دەزانین فەزای ڕۆماننوس و چیرۆکنوس، بەرفراوانتر و بەبڕشتترە لە فەزای شاعیر. فەزای شاعیر سنوردارە. سەرەتای پەیوەندیم لەگەڵ نوسیندا، بەشیعر دەستم پێکرد. کاروانی ئەدەبیم وەك شاعیرێکی فاشیل دەست پێکرد.

***ئەو بابەتانەی دەتنوسین، چی بوون؟**

-بابەتی ڕۆمانسی بوون.

***لەو ماوەیەدا هەرئەو بابەتە باوبوو، تەنانەت لە شاری تەتوانیشدا؟**

-بەڵێ. لەو شارەشدا بەشێك لەسەردەمی منداڵی و مێرمنداڵیم بەڕێکرد. تەنها ئەوکاتە دەستم بەنوسین کرد کە گەڕامەوە بۆتەنجە وەك مامۆستاو خەریکی وانە وتنەوەبووم.

***بابگەڕێینەوە سەر پرسی فەزای کلتوری ناو شاری تەنجە و باسی ئاشنابونی خۆتمان بۆبکە بەو فەزایە؟**

-فەزایەکی کلتوری ڕاستەقینەی مەغریبی، لەشاری تەنجەدا نەبوو. چەند کەسێك هەبوون کە ژمارەیان لەپەنجەکانی دەستێك تێنەدەپەڕی. کەشێکی ئەدەبی مەغریبی لە ئارەدانەبوو، جگە لە نوسین گەلێکی ترادیشنال کەسەروکاری لەگەڵ نوسینی فیقهیداهەبوو، زیاد لەوەی پەیوەندی بەکایەی ئەدەبیەوە هەبێت.

ئەو هەوڵە ئەدەبیانەشی لەئارەدابوو (بەتایبەت لە شەستەکاندا)، دەرگیری کار و چالاکی سیاسی بوو. لەبەرئەوە کاری کلتوری و ئەدەبی بە شێوە نۆرماڵەکەی، لەفەزای گشتی شاری تەنجەدا نەبوو. ئەمە لەکاتێکدا کاری ئەدەبی و هونەری، بەخەست و خۆڵی لای بیانیەکان دەبیترا.

ئەو بیانیانەی لەوێ بوون (پۆڵ بۆڵز و جین ئاور و براین گایسن بوون. گایسن نیگارکێش بوو، زیاد لەوەی شاعیر یاخود ڕۆماننوس بێت. تاقانە ڕۆمانەکەیم وەرگێڕایە سەرزمانی فەرەنسی کە بەناوی (بیابانی دڕندە)وەبوو.

هەرچی ئەوانەشە کە ناوبەناو سەردانی تەنجەیان دەکرد، ئەوەندە زۆرن لەژماردن نایەن. بەڵام هەموویان دەربارەی تەنجە نەیاندەنوسی. ئەوانە بۆ پشودان و حەوانەوە ڕویان لەوێ دەکرد.

***بەقسەکانتدا وادەردەکەوێت زیاتر دڵخوازی نوسەرانی بیانیت کە لەبارەی تەنجەوە نوسیویانە، نەك نوسەرانی مەغریبی؟ بەبۆچونی تۆ ئەو بەرهەمە باشانە کامانەن کە لەلایەن نوسەرانی بیانیەوە، دەربارەی تەنجە نوسراون؟**

-هێشتا تەنجە نوسەری ڕاستەقینەی خۆی نەدۆزیتەوە، نوسەرێك لەئاستی ولیام فۆکنەر یان گابرێل گارسیا مارکیز دابێت. ئەو دوانە زۆر هونەریانە لەبارەی زێدی خۆیانەوە نوسیویانە.

***ئایا ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە محەمەد شوکری، خۆی بە نوسەری شاری تەنجە نازانێت؟**

-خۆم وەها نابینم کە لەئاست گۆڕانکارییە بەلێشاوەکانیدابم، لەسەر ئاستی کلتوری و ژیاری و ... هتد. ئەوەی دەربارەی تەنجە نوسراوە،

هەوڵـی سـەرەتایی و بچوکـە. نوسـینی واقعـی و مامەڵەکـردن لەگـەڵ فـەزای شـارەکەدا، بەچـاوی تۆریسـتێك کـە ماوەیەکـی کـەم دەمێنێتـەوەو دەڕوات، ناتوانێـت بەتەواوەتـی لەفـەزای گشـتی تەنجـە تێبگات و هەقـی خـۆی بداتـێ.

***ئـەوەی بـەدی دەکرێـت ئەوەیـە هەوڵێـك هەیـە بـۆ لەقاڵبدانـی تەنجـە، نـەك هـەر لەسـەر ئاسـتی ڕۆمـان و چیـرۆك، بەڵکـو لەسـەر ئاسـتی سـینەما و نواندنیـش. واتە خواسـتێك هەیـە بۆئـەوەی ئـەو وێنەیـەی تەنجـە تـۆخ بکرێتـەوە کـە شـارێکە بـۆ کاری مافیایـی و لەشفرۆشـی و قاچاخچێتـی و شـتی لـەو جـۆرە.. ئەوە چـۆن لێکدەدەیتەوە؟**

-لەڕاسـتیدا تەنجـە شـایەنی ئەوەنییـە ئـەو هەمـوو ناوبانگـە خراپـەی بدرێتـە پـاڵ. ئەوانـەی تەنها هەوڵـی زەقکردنەوەی ئـەو وێنەیـەی دەدەن، پێگـەی ڕاسـتەقینەی شـارەکە لـە یـادەوەری مێـژودا فەرامـۆش دەکـەن. شـارێك کـە بەدرێژایـی مێـژوی کـۆن و نوێـی خـۆی، لەبەهـای بـەرز و جـوان خاڵـی نەبـووە.

شـاری پـاك و بێگـەرد جگـە لـە ناوکتێبـدا، کـوا لەکوێـی دنیـادا هەیـە؟ ئەفسـونی تەنجـە، هەڵقـوڵاوی ئەفسـونی ئەفسـانەکانیەتی. ئـەو گەلـەی خاوەنـی برێکـی بـاش لـە ئەفسانەسـازی نەبێـت، گەلێکـی شارسـتانی نییـەو تێکـڕای شارسـتانیەتەکانیش، پەیوەسـتن بـە ئەفسـانەکانیانەوە.

***چۆن دەتوانیت شرۆڤەی ئەفسانەی شاری تەنجەبکەیت؟**

-ئەفسـانە گـەر وردت کـردەوە و شرۆڤەتکـرد، ئەوانهێنـی و جادووەکـەی بەتـاڵ دەبێتـەوە. پێویسـتە بەتەلیسـم و نهێنـی خۆیـەوە بمێنێتـەوە. پرسـیار و وەڵامێکـی سـەیر لـە گۆڕێـدان: کـێ ئـەم شـارەی دروسـتکرد؟ ئەمـە پرسـیارێکەو دەکرێـت، بـەڵام کـەس ناتوانێـت وەڵامێکـی بـڕوا پێهێنـەر بداتـەوە. ئایـا ئـەوە بەشـێك نییـە لەئەفسـانەی ئـەم شـارە!

ئەفسـانەیەك هەیـە بـاس لـەوەدەکات کـە ئەنتۆنیـۆس، دامەزرێنـەری تەنجەیـەو بەنـاوی (تەنجیـس)ی هاوسـەریەوە نـاوی نـاوە. لەلایەکـی دیکـەوە ئەفسـانەیەکی مەغریبـی هەیـە دەڵێـت: (ئـەو باڵندەیـەی نـوح ناردبـووی تـا وشـکایی بـۆ بدۆزێتـەوە، پـێ و پەلـی قـوڕاوی دەبێـت و هـەر کەئەوەدەبینـێ، هـاواردەکات قـوڕ. واتـە وشـکایی بەدەرکـەوت. کەشـتیەکەی لـە گردۆڵکەیەکـی نزیـك تەنجـە لەنگـەر دەگرێـت و لێـرەوە شـارەکە بـە ئەفسـانە دەکرێـت و ناوەکەشـی لەگەڵیـدا دەبێتـە ئەفسـانە).

***

**ئـەم گفتوگۆیـە بەشـێکە لـە پـرۆژەی کتێبێـك بـە هەمـان ناونیشـانەوە و ئامادەیـە بـۆ چـاپ.**